

ئیبراهیم عەلیزادە و (پێکهێنانی بەرەی چەپ و کۆمۆنیست) لە (کوردستانە بەرتەسکەکەدا)

بەرنامەیەکی {تەلەویزیۆنی کۆمەڵە (komala)}بەناوی:
{کۆمەڵە و هەڵسوراوان (پرۆژەی پێکهێنانی قوتبی چەپ لە کوردستان، پێشکەوتن و ئاستەنگەکانی)}
لە فەیسبووک دانراوە، ئەو بەرنامە وتووێژێکە لەگەڵ سەی ئیراهیم عەلیزادە.
بۆ ئەو باسە پێشەکییەکی کورت پێویستە. رۆژی (1357/11/26) هەتاوی رێکخراوەیەکی سیاسی بەناوی: (کۆمەڵە) لە کوردستان دا دەس ئەکات بە چالاکی سیاسی و پێشمەرگانە. شوێنی کار و چالاکی و ئەم رێکخراوە ئەو بەشەی کوردستانە کە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندایە بەگشتی و دێهاتەکانی بەتایبەتی. پێکهێنانی یەکیتی جوتیاران یەکێ لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵە بوو. یەکیتی جوتیاران نەک ئەو یەکیتییە کە کەرەسەری کاری وەک (کۆمباین- تەراکتۆر- پۆمپی ئاو- تۆ و کوت...) بۆ جوتیاران دابین کات و بەرهەمی ساڵانەیان بگەێنیتە بازارەکانی ئێران و جهان، بەڵکو ئەو یەکیتیە بوو کە مەبادا {(ئاغا و خان و دەرەبەگەکان) هێرش کەنە سەر جوتیاران و ئەو پارچە زەوییە یا باشتر بێژم (کەس نەکێڵ و بەردەرەقە)}کە پێی ئەژیان، لێیان داگیرکەن.
رابەرانی کۆمەڵە پاش ماوەیەکی کورتی چەن مانگە کەوتنە سەر ئەو رێبازە کە (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) دامەزرێنن. لە درێژەی ئەم رێبازەدا لە ساڵی (1362) لە گوندێکی چکۆلەی چەن ماڵی بەناوی: {(مێشکەپە) لە ناوچەی (سەردەشت) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران}یان دامەزراند. بۆ ئەو مەبەستە {(کۆمەڵە)یان هەڵوەشاندەوە (کومەلە را منحل نمودند) و (رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دامەزراند و رایانگەید بەهۆی ئەوەی ناوی (کۆمەڵە) لە کوردستاندا *خۆشەویستە* ئەو ناوەیشی بۆ بەکار ئەبەین).
لەگەڵ ئەوەدا کە پێشمەرگە و خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانیان خستەگەڕ لە پێناو ئەو حیزبەدا، بەڵام بەهۆی بێپایە و بێبنەمایەی نەک لەناو خەڵکدا پای نەگرت و نەبوو بە حیزبێکی راستەقینەی سیاسی، بەڵکو ئەو بەشانەی لێجیا دەبێتەوە:
1 - (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران)
2 - (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حیکمەتیست)
3 - (اتحاد سوسیالیستی )
4 - (سوسیالیسم امروز)
5 - (رەوتی سوسیالیزمی کۆمەڵە)
6 - کۆمەڵە
7 – کۆمەڵە
**

ئیبراهیم عەلیزادە و (پێکهێنانی بەرەی چەپ و کۆمۆنیست) لە (کوردستانە بەرتەسکەکەدا)
ئەو بەرنامە تەلەویزیۆنی کۆمەڵە (komala) سەبارەت بە پێکهینانی بەرەیەکی چەپ و کۆمۆنیستە بۆ ئێران. لەو بەرنامە بەڕێز ئیبراهیم علیزادە باسی ئەوە ئەکەن سەخت و فشاری سیاسی جهانی و ناوچەیی لەسەر دەوڵەتی ئێران پەرەی گرتووە، هەروەها خەڵک و کرێکاران و بێکاران کەوتوونەتە دژایەتی کردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران، لەو بارودۆخەدا حیزب و رێکخراوەکانی بۆرژواییەکانی ئێران کەوتوونەتە خۆ بۆ ئەوەی پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی دەسەڵات بگرنە دەست، جا لەو

پرۆسەدا حیزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش پێویستە دەور و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی ڕێگا نەدەن کە پۆژوازی و خوێنمژان دەسەڵات گرنە دەست. ماوەی ساڵێکە لە پێناو ئەو بەرنامەدا ڕابەرایتی کۆمەڵە دەسبەکار بووە بۆ پێکهینانی قوتبێکی چەپ و کۆمۆنیست لە (کوردستان) دا، دوو کۆبوونەوەیان لە شاری یۆتۆبۆری لە سوید و شاری کۆڵن لە ئاڵمان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی خوارەوە ئەنجام داوە و پلاتفۆرمێکیشیان ئامادە کردە:
1 - حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران.
2 - حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حیکمەتیست.
3 - ڕەوتی سوسیالیزمی کۆمەڵە.
4 - حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە.

سەبارەت بە پێکهێنانی ئەو بەرە چەپ و کۆمۆنیستە چەن پرسیار دێنە ئاراوە:
1 – ڕابەرانی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران) – (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران حیکمەتیست) و
(ڕەوتی سوسیالیزمی کۆمەڵە) کەسانێکن کە لەگەڵ خودی سەی ئیبراهیم (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)یان دامەزراند و بەهۆی ئەوەی ئەو حیزبە لەناو خەڵکدا بێ پایە و مایە بووە، بەجێیان هێشتە چۆن لەگەڵ ئەوانە بەرە پێک دێنن؟

2 – حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە خۆی بۆ ڕابەرایەتی کردنی ئیرانی پاش کۆماری ئیسلامی ئامادە ئەکات پێویستە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێرانی کە لە مەیدانی سیاسی ئێراندا چالاکن، بەرە پێکبێنێت.

3 – سەی ئیبراهیم و کوردستانە بەرتەسکەکە
وتووێژەی گۆڤاری (چاودێر) لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم عەلیزادە

{(چاودێر: لە مێژە ئەو ڕەخنە بەرەورووی ئێوە بۆتەوە و زۆر کەس لەسەر ئەو پروایە کە باشتر وایە ئێوە ببن بە (حزبی کۆمۆنیستی کوردستان) و لە پاشکۆی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بێنەدەرێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و پۆتانسیلەی کە ئێوە لە چوارچێوەی خۆتاندا هەتانە. ئایا ئەم بابەتە لە کۆنگرەدا کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؟ بەگشتی لەم بارەوە وڵامتان چییە؟).

(وەڵام: ئەمە ڕەخنە نییە ئەمە بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراوە، ئەو کەسانە کە پرسیارەکە بەم شیوە ئەهێننە گۆڕێ پێشداوەری و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە کۆمەڵە پاشکۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نییە، بەڵکو بەهێزترین کۆڵەکەی پاراستنی ئەو حیزبەیە. واقعبینانەترین ستراتێژی بۆ کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستی ئەوەیە کە خۆی بە خەباتی سیاسی و چینایەتی کۆمەڵگایەکی گەورەوە گرێ بدات.
کۆمەڵەیەک کە ستراتیژی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی هەبێت ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کوردستانی ئێران دا قەتیس بکات، ناتوانی بیر لە هاوسەنگی هێزی چینایەتی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگایەک نەکاتەوە ئەگەر ئاسۆی سۆسیالیستی لە بەرانبەر خۆی داناوە ئەو جار ناتوانێ ئەو درگایەی کە بەر رووی ئەو ئاسۆیەدا کردوویەتەوە لەسەر خۆی دابخات).
(ژمارە( 107)ی چاودێر – 2006/12/18)
وتووێژەکە نووسراوەتەوە، ئەگەر هەڵەیەکم کردبێ داوای لێبوردن ئەکەم}.

لەو وتووێژەدا بەڕێز عەلیزادە باس لە کوردستانێکی بەرتەسک ئەکات و نایەوێ لەو شوێنە بچکۆلەدا خۆی قەتیس کات و ئێرانێکی پانوبەرین ئەوێ تا سۆسیالیزمی تێدا پیادە کات، بەڵام پاش سیزدە ساڵ و لە (2018 و 2019) دا ئەیانەوێ لەو کوردستانە (بەرتەسکەوە) بەرەی چەپ و کۆمۆنیستی بۆ ئێران پێکبێنن!!!
**

ئەوەیش ئەدرەسی وتووێژەکەی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە:
https://www.facebook.com/xalid.lagzi?__tn__=%2CdlC-R-R&eid=ARAc_zXE7FTZ6QIgV-yx8MCoKebMWpEobDnFQOTFrqh8JQ1ljn7jW7Qtm-S_Ss9ub6RoOJ3uwmjtwF-

j&hc_ref=ART0z-ktOTynGisQFMj6M1_aXUMG_e4fumavvhXE8xhlyfbr4mcrN0AMw1s6FOWVvIs

سەعی سەقزی
2018/4/11

sai.saqzi@gmail.com